KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:31 25-8-2007

## کۆمپانیای ووشە، دەزگا گەندەڵەکەی نەوشیروان ... (چەند نهێنیەک دەربارەی گەندەڵیەکانی کۆمپانیای ووشە) ... نەریمان حسین

سلێمانی

دوای ئەوەی باڵی نەشیروان موستەفا جیا بونەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند، دواتر لە کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندنی بەناو (ووشە) خۆیان بەیان کرد، بەو پێیەی نەوشیروان و باڵەکەی بە باڵی ریفۆرم ناسرابوون و هەمیشە دژی گەندەڵیەکانی ناو حیزب بوون، چاوەڕێ دەکرا لە ڕێگەی وشەوە شۆڕشی ریفۆرم بەرپا بکەن، بەڵام گەر لەسەرەتاوە لە کاری ئەم کۆمپانیا یە بروانین، هەرچەندە کاتی ئەوە ماوە بریاری تەواوی بەسەر ئەم کۆپانیا یەدا بدەین بەڵام ئاماژەکان وا دەر دەکەون کە نەك هەر ووشەیەکی بۆ ریفۆرم زیاد نەکرد بەڵکو چەندان رستەی بۆ گەندەڵی زیاد کرد، هەر لە سەرەتای دەست بەکار بونیەوە ئەم کۆمپانیایە بەر لە وشك بونەوەی مەرەکەبی پەیامەکەیان کە لە سایتەکەیانەوە بڵاویان کردوە، غەرقی گەندەڵییەکی چاوەروان نەکراوو بوو.

سەرەتا (ووشە)، یەکەم هەنگاوی بە گەندەڵی دەست پێکرد، ئەویش بە راکێشان و فریودانی چەندین ڕۆژنامە نوس و پەیامنێر و نوسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، وە باس کردن لە پارەیەکی خەیاڵی لە گەڵیان، بۆیە ئەو ڕۆژنامە نوسانە زۆر سادانە باوەریان بە بەڵێنە کانی ئەو کۆمپانیایە کرد، کە بەوتەی چەندین کەس و پەیامنێری ئەو کۆمپانیایە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە هاتونەتە ناو کۆمپانیا کە پەشیمانن و هەست دەکەن ئەوە نەبوو کە باس دەکرا و بونتە کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو، بۆنمونە لەسەرەتا دا سایتی سبەی زۆر کارا و پرزانیاری بوو بەرادەیەك کە بووبوە سەرچاوەی هەواڵی زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان هەرچەندە (ڕۆژنامە) هەر لە سەرەتای دەست بەکار بونیەوە بە ئاستێکی باش دەر نەکەوت، بەڵام ئێستا چ ڕۆژنامە و چ سایت تەواو لۆکاڵی بونەتەوە و بەرادەیەك هەواڵەکانیان لە چوار چێوەی سەنتەری سلێمانی تێناپەرێت، کە بەوتەی هەندێك کارمەندی ناو کۆمپانیا کە بەهۆی ناراستی بەلێنەکانی کۆمپانیا کە وا دەر دەکەوێت نوێنەرو پەیامنێرەکانیان لە ناوچەکانی تری کوردستان بەتایبەت، هەولێر و بادینان و کەرکوك، دەستیان لە کار کێشابێتەوە.

خۆی کە کۆمپانیای (ووشە) دروست بوو، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا زۆر کەس و نوسەر وایان دەزانی شتێکی جیاوازتر لە (ووشە) وە دەردەکەوێت، بۆنمونە زۆرینەی کارمەند و ڕۆژنامە نوسەکانی ناو دەزگای خەندان کە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) دەرکات، کە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستم کەوتووە نزیکەی 25 بۆ 30 کارمەند و ڕۆژنامە نوس لە (ئاسۆ) وە هاتونەتە (ووشە)، کە دیار ترینیان، مەهدی ئەبوبەکر جێگری سەرنوسەری ئاسۆ، و ئاودێر شێخ عومەر ی بەرێوەبەری نوسین لە ئاسۆ، کە ئێستا هەردووکیان لە (وشە) پۆستێکی ففتی بە ففتی یان پێدراوە کە جگە لە هەڵخەڵەتاندن هیچی تر نیە، ئەمە جگە لە هاتنی بەرێوەبەری راپۆرت و هەواڵ لە ئاسۆ، ئەوانیش، هیوا جەمال و سیروان رەشید و فرمان عەبدول رەحمان، ئەمە وێرای چەندین کارمەند و ڕۆژنامە نوسی تر کە لەبەشە جیا جیا کانی ئاسۆ کاریان دەرکرد، هاتونەتە وشە، کە خۆی بۆخۆی (ئاسۆ) بێبەش نەبوو لە گەندەڵی و شەرمنترین و ترسنۆك ترین ڕۆژنامەی بەناو ئەهلی و سەربەخۆی کوردیە، بۆنمونە نزیکترین بەڵگە وەدرەنانی ستران عەبدوڵای سەرنوسەر لە لایەن یەکێتیەوە ئەویش دوای ئەوەی لە خەتی خۆی لایدا بە بڵاو کردنەوەی بابەتێك لەسەر بنەماڵەی بارزانی کە ئەمە بۆ خوێنەری ئاسۆ و خەڵکی کوردستان جێگەی سەر سورمان بوو، بۆیە هاتنی ئەو ستافە لە (ئاسۆ) و5 بۆ (ووشە) و وە هاتنی کۆنە (کوردستانی نوێ) بیەکان بۆ ناو دەسەلاتی بالای (ووشە) وەك سەرنوسەری (ڕۆژنامە) سەردار عەبدولا، و مەجید سالح، کە چەندین بەڵگە نامە سەلماندیان کە قەڵەمەکەی مەجیدخزمەت کاری بەعس بووە، بەڵام مخابن ئەوەی کەنە دەبوو وە نەشیاو بوو کە لە (ووشە) دا دەر بکەوێت، هەڤاڵ ئەبوبەکر، بوو، بەڵام ئەویش تەڵەی (ووشە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و باڵی بەناو ریفۆرم گرتی و کەوتە گێژاوی گەندەڵیەوە کە گەر زوو خۆی رزگار نەکات دواتر سەنگی خۆی لەدەست دەدات، شتێکی سەیرو سەمەرەی زەبەلاحەکانی (ووشە و رۆژنامە) سیاسەتی دوو فاقییەکەیانە، کە تائێستاش پێیەکیان لەناو یەکێتی یەو پێ یەکیان لەناو ووشە یە، وە بە پێی زانیاریەکان، ووردە وردە یەکێتی موچەکانیان دەبرێت و ئەوانیش دۆش داماون و لەبەینی یەکێتێتی و ووشە دا، و ترسی گەرانەوەی باڵی ریفۆرم بۆ ناو یەکێتی هیندەی تر گومانی لای ئەو ستافە دروست کردوە.

شەری ناوخۆیی کۆمپانیای وشە، و شەر و مونافەسەکانی سایتی (سبەی) و (رۆژنامە)، هیچی لە شەری کوتلەکانی یەکێتی کەمتر نیە، بەرادەیەك هەموو کەس لە (ووشە) بەرپرسە و کەسیش دەسەڵاتی بەدەست نیە و جگە لە برا گەورە (نەوشیروان موستەفا) کە دەتوانین بە تاڵە بانی ناو (ووشە) ناوی بەرین، کە دواتر دێنە سەر هەیمەنەی نەوشیروان بەسەر (ووشە) وە.

دیار نەمانی کەسێك بەناوی (ئیدریس عومەر) کە پێشتر لەسەر (رۆژنامە) بە بەرپرسی کارگێری ناوی دەنوسرا، کە بە پێی زانیاریەکان ناوبراو لە کۆمپانیای وشە دەر کراوە ئەویش دوای کودەتای، سەردار عەبدولا و و راوێژ کاران و بەرێوەبەر و سکرتێرانی نوسین، کە گومان دەکرێت ئیدریس عومەر نێردراوێکی تایبەتی یەکێتی بوبێت بۆناو (ووشە) و بۆ ئاژاوە و کۆکردنەوەی زانیاری نێردرابێت بۆ (ووشە) کە ئەم کەسە رۆژێك لە رۆژان لە هیچ رۆژنامە و میدیایەك دا نەبینراوە، بەڵام بەچی کرایە بەرێوەبەری کارگێری؟ ئەوە دەبێت (ووشە) وەڵام بداتەوە، جگە لەوەش بەرێوەبەری کارگێری سایت (سبەی) کە نەژاد ناوێکە، بە ژیانی خۆم کە زیاتر لە دە ساڵە دەنوسم رۆژێك لە رۆژان نوسینی ئەم کابرایەم نەبینیووە، بەڵام ئێستا یەکێکە لە نوسەرە فسفس پاڵە وانەکانی سایتی (سبەی و رۆژنامە)، کە گومانم هەیە دێرێك مەعریفە لە نوسینەکانیدا هەبێت، کە رەنگە ئەمیش هەمان چارەنوسی (ئیدریس عومەر) ی هەبێت، بۆیە سایتی (سبەی) لە ستونی بیرورا دا کۆمەڵێك بابەتی کۆلکە نوسەر دادەبەزێنێت کە هەموشیان کارمەندی وشەن و بابەتەکانیان لەو شوێنە نەبێت لە هیچ شوێنێکی تر بڵاو نابێتەوە (مەبەستم ئەوەیە برزان و کوڵانی بەناو بابەتەکانیان هی خۆیانە)، کە جێگەی داخە هەندێك جار نەوشیروان و هەندێك نوسەر خۆیان بۆ ئاستی ئەوان دادەبەزێنن.

نەوشیروان موستەفا تائێستا بەرامبەر بەو فەوزایەی ناو (ووشە) بێدەنگ بووە و بێدەنگیش نیشانەی رازی بوونە و کە وابێت ئەویش بەم گەندەڵیە رازیە، هەرچەندە بەوتەی هەندێك لە کارمەندانی (ووشە) نەوشیروان ئینزاری دابووە هەرەیەك لە سەردار عەبدولا، و بەر پرسانی سایت، و رایگەیاندبوو کە ئەدا و کاری هیچ کام لە سایت و رۆژنامە باش نیە، بۆیە نەوشیروان گەر ریفۆرم دەکات و دژی گەندەڵیە با چی زوو ترە فریای وشە بکەوێت، و ئەگینا ئەم ئەزمونە پر گەندەڵیەی (سایت و رۆژنامە) دەگوازرێتەوە بۆ ئەو رادیۆ و کەناڵە ئاسمانیەی کە بەنیازن دایمەزرێنن.

مەبەستمان لە زاراوەی برا گەورە (نەوشیروان موستەفا) هەیمەنەیەکی باشی بەسەر سایت و رۆژنامە دا هەیە، بۆنمونە نوسینی گۆشە یان وتار ناکرێت ببێتە هەواڵ، بەڵام وتارە کانی نەوشیروان بۆ کارمەندانی ووشە، وەك ئەوەی نیگایانان (وەحی) بۆ هاتبێت یەکسەر دەیکەنە هەواڵ، کە گەر شتێك لە هەواڵ و رەگەزەکانی هەواڵیان بزانیایە ئەو کارەیان نەدەکرد، جگە لەوەش رۆژنامەی رۆژنامە، بە بیانوی داهێنان دەست کاری نوسین و رێنوسی هەموو نوسەرێك دەکەن، بەڵام نوسینەکانی نەوشیروان بڤە یە و دەستکاری کردنی مەحاڵە هەتا ئەگەر فۆنتەکەی یان رێنوسەکەی جیاواز بێت، ئەمەش جگە لە پیرۆز کردن و بە دیکتاتۆر کردن هیچی تر نیە، و پێچەوانەی بنەما سەرەتاییەکانی ریفۆرم و راگەیاندنی ئازادە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شتێکی تری سەیرو سەمەرەی (ووشە) دەروچونی (ڕۆژنامە) یە لە ڕۆژی هەینی دا، کە لەبازارەکاندا تۆزی لێدەنیشێت و ناچارن ڕۆژی شەممە بڵاوی بکەنەوە، ئەمەش بەمەبەستی پێش کەش کردنی شتێکی جیاوازە لە نێو ڕۆژنامەی کوردی دا، کە ئەمەش لە سەر لێ شێوای زیاتر هیچی تر نیە. هەوڵ دەدەم بەردەوام بە کۆمەلێك وتاری تر لەسەر وردەکاری و گەندەڵیەکانی ناو کۆمپانیای (ووشە) .

تێبینی\

- خوێنەری بەرێز بۆ نوسینی ئەم بابەتە، سەرچاوەی سەرەکیمان کارمەندان و نوسەران و ڕۆژنامە نوسانی سەر بە ووشە یە، وە من ئەم بابەتە لە کاتێدا دەنوسم، کە دەیان ژمارە بەسەر دەرچونی ڕۆژنامە و چەندین مانگ بەسەر کاری سایت و کۆمپانیای ووشە دا تێپەریوە، و ئەزمونێکی خۆی هەیە و کاتی ئەوە هاتووە قسەی لەسەر بکەیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.